# گومرگی شۆڕش و نەوتی (نا)یاسایی!

**هاوڕێ باخەوان**

ئەو کاتەی پارتی و یەکێتی و ئەوانیتر لە شاخ بوون، هەر یەکەیان و لە چەند لایەکەوە چەندین بنکەی سنووریيان دانابوو بۆ وەرگرتنی سەرانە لە کاروانچییە کوردەکان! ئەو سەرانەیەیان ناونابوو گومرگی شۆڕش! پارەکەش بۆ ئەو کات کەم نەبوو، بەڵام چیی لێدەهات ئەوەش پرسیارێکە بۆخۆی! چونکە پێشمەرگەی هەژار بە نەسرییەیەکی کەم و یارمەتییەکی مانگانەی زۆر کەمەوە بۆ نموونە شەڕی بەرەیی قەیوان ماوەت و خواکورك و هی تری دەکردا..

ئەقلییەتی بەکارهێنانی ئەو سنوورانە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا هەر یەك شتە و گۆرانکاریی بەسەردا نەهاتووە، سنوور دەستکەوتە! ئیدی چی دەچێتە ئەودیوەوە و بۆکێیە یان چی دێتە ئەمدیوەوە و کێی پێ نەخۆش دەکەوێت! هەرگیز کێشەیەکی گرنگ نەبووە بۆ دەسەڵاتی کوردی!.. جارجارە گڕوکفێك بۆ کێشەی تەندروستی کراوە، بەڵام هەرگیز نەتوانراوە کۆنترۆڵی تەواو بکرێت.

دەیان ساڵە عەرەبەکان نەوتی باشوور تاڵانفرۆش دەکەن و بە پارەکەی ئاگر و ئاسن دەکەن بەسەر کوردا، واتە نەوتی کورد ئیدی خاو بێت یان بەهەر جۆرێکی دی، ڕەوانەی دەرەوە کراوە... بەڵام لەم دواداوییەدا کەبەشێکی کەمی کەوتووەتە دەست (کورد) خۆی، ئەوەیان لەسەرێکەوە جێی خۆشحاڵییە و ئەگەرچی ئەو خۆشحاڵییە لە زۆر ڕووی ترەوە بووەتە نیگەرانی!..

هەموو دنیا ئەمڕۆ داگیرکەری ئێران بە تیرۆریست و کێشەیەکی گەورە دەزانێت بۆ مرۆڤایەتی، وڵاتانێکی زۆر گەمارۆی ئابووریيان لەسەر داناوە، بەو پێیە دەبووایە کوردیش بەشداریی ئەم گەمارۆیەی بکردایە! بەتایبەتی کە ئەمریکییەکان لایەنێکی گرنگی ململانێی نێوان داگیرکەری ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین و ئەو گەمارۆیەش بە ویست و پلانی ئەمریکییەکان بووە.. بەڵام گوێپێنەدانی دەسەڵاتی کوردی بۆ ئەم گەمارۆیە و پەیتا پەیتا ئاودیوکردنی نەوت بۆ دیوی داگیرکەری ئێران، خودی دەسەڵاتی کوردی تووشی کێشە و پرسیار دەکات لەگەڵ ئەمریکییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.. ئەمە جگە لەوەی ئایا ئەو سەرمایەیەی لە ئەنجامی بردنەدەرەوەی ئەو نەوتەدا چیی لێدێت و بۆ گیرفانی کێ دەچێت! ئەوەیان جێگەی باس و مشتومڕی زۆرە..

ئەم کێشەیە زۆر گەورەیە و دەسەڵاتی کوردی زۆر خەمسارده تێیدا، کاتێك کە سەرۆکی حکومەتیش بانگهێشتی بەغدا کرا، ئەوەیان بە دڵنیاییەوە بڕیارێکی ئەمریکی بووە نەك داگیرکەری ئێراقی!.

ناردنە دەرەوەی نەوت بەو شێوەیەی کە لە باشووری کوردستاندا هەیە، بڕیار و بازرگانیی هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستانە، پەرلەمانی کوردستانیش بەگشتی هەمان بڕیار و بۆچوونی ئەو حیزبانەیە، هەربۆیە ئەوان چییان بوێت، پەرلەمان دەیکات و لەم کێشەی نەوتەشدا چونکە پارتی و یەکێتی بە پێویستیان نەزانی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی نایاسایی لە پشووی هاویندا ببەستێت! ئەوانیش خواخوایان بوو و هەر یەکەیان لەم گەرمای هاوینەدا بەدوای شوێنی فێنکدا دەگەڕێن تا بەردەوامی بە پشووەکەی خۆیان بدەن و چییش دەبێت با ببێت و مەسەلەیەك نییە!..

لاهای – هۆڵندا

2010-08-06

هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 447 – لاپەڕە 6 – 2010-08-10 – کوردستان – هەولێر